Fjölmenningardeild
Vinnumálastofnunar
Multicultural Information Centre

**2025**

**Kurdish (Sorani)**



# دامەزران/ چوونە سەرکار

Work

## زانیاری بۆ ئەوکەسانەی کە تازەکی مافی مانەوەیان وەرگرتووە وەک پەنابەر لە وڵاتی ئایسلاندا

Information for people who have just been granted the status of refugees in Iceland

## بەشدار بوون لە کار / دامەزران لە ئایسلاند

بەشداری کار و دامەزران لە وڵاتی ئایسلاند ڕێژەی بەرزە. زۆربەی خێزانەکان بۆ بەڕیوەبردن و بژێوی ژیان وا پێویست دەکات ژن و مێرد ، هەردوولا ، بچنە سەر کار، بۆیە گرنگە ئەو کاتانەی هەردوولا کار دەکەن لە دەرەوەی ماڵ پێویستە لەناو ماڵیش هاوکار و یاریدەدەری یەکتر بن لە پەروەردە و ئەرکەکانی خێزان.

چوونە سەر کار تەنها لایەنە ماددییەکەی گرنگ نیە ، بەڵکو گرنگی تریشی هەیە وەک چالاکی لایەنی کۆمەڵایەتیی بەشداربوون لە بنیاتنانی کۆمەڵگا و پتەوکردنی پەیوەندییەکان و باشکردنی ژیانی ڕۆژانە و .. هتد .

## پاراستنی نێودەوڵەتیی و مۆڵەتی کار

لە ئایسلاند، ئەو کەسانەی مافی پارێزگاریی نێودەوڵەتیی وەردەگرن بە واتای مۆڵەتی مانەوە و کارکردنیان هەیە لە وڵاتدا. بۆیە پێویست ناکات داوای تایبەت پێشکەش بکەن بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کار، ئەوان بۆیان هەیە بچنە لای هەر خاوەن کارێک یان کارگەیەک .

## مۆڵەتی لایەنی مرۆڤایەتیی و کارکردن

لە ئایسلاند، ئەو کەسانەی مافی مانەوەیان هەیە لەبەر لایەنی ئینسانی ،ئەوان دەتوانن لە وڵاتەکدا بژین بەڵام  ماف و مۆڵەتی کاریان نییە و ئاسایی ناتوانن بەشدار بن یان بچنە سەر ئیش ، بۆیە دەبێت ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکەن :

• پێشکەشکردنی داوایەکی تایبەت بۆ مۆڵەتی کار ، مۆڵەتی کاتیی ، لە بەڕێوەبەرێتیی کار . بۆ بە دەستهێنانی مۆڵەتی کاری کاتیی  ، پێویست بە گرێبەستی کار ، خاوەن کار ، ێکی دیارییکراو دەکات .

• دامەزراندنی کەسێکی بیانی بە مۆڵەتی کاری کاتیی پێویستی بە کێنیتالا و زانیاری خاوەن شوین کارەکەوە هەیە . ئەمەش واتای ئەو مۆڵەتە کاتییە تەنها ڕێگە دەدات بە کارکردن لەلای شوێنکاری پەیوەندیدار، دیاریکراو ، لە گرێبەستە کاتییەکدا. بۆ گۆڕینی کار، پێوسیتە لەسەر کەسی بیانی داوایەکی نوێ پێشکەش بکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی کاری کاتیی  لە شوێنێکی جیاواز و نوێ .

• مۆڵەتی کاری کاتیی بۆ ماوەی یەک ساڵە و پێویستە هاوکات لەگەڵ مۆڵەتە ئینسانییەکەدا داوای نوێ کردنەوەی بکرێت .

• ئەکرێت ، بۆی هەیە ، مۆڵەتی کاری کاتیی هەموو جارێک درێژ بکریتەوە بۆ ماوەی هاتە دوو ساڵ.

• لە ئایسلاند ، بۆ کەسێک کە مۆڵەتی باری مرۆڤایەتیی و مۆڵەتی کاری کاتیی هەیە ، دەتوانێت داوا پێشکەش بکات بۆ مانەوەی هەمیشەیی ، وەرگرتنی ئیقامەی دائیمی بەمەرجێک سێ ساڵی بەردەوام لە وڵاتدا مابێتەوە لەسەر کار.

## دامەزراوەی کار / Vinnumálastofnun

لە بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوەی کار Vinnumálastofnun   تیمی تایبەت کار دەکەن بۆ هاوکاری و ڕێنمایی پەنابەران  لە کارئاسانیی و دۆزینەوەی هەلی کار، بە نمونە :

- هاوکاری لە گەڕان بە دووای کاردا
- ڕاوێژ لە بواری پیشە و خوێندن
- هاوکاری فێربوونی زمانی ئایسلاندیی و ناسینی کۆمەڵگا
- ڕێ و شوێن دانان و چارەی تری کرداری

- پاڵپشتیی کار ، خوێندن و کارکردن

دامەزراوەی کار کراوەیە ؛ ڕۆژانی ئیش دووشەممە تا هەینی لە نێوان کاتژمێری 09-15. دەتوانیت پەیوندی بکەیت و کات وەربگریت لەگەڵ ڕاوێژکارێکدا. بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوەی کار نوسینگەی هەیە لە هەموو پارچەکانی وڵات. بگەڕێ بۆ نزیکترینیان لە تۆوە ؛ لەم لینکەدا :

https://www.vinnumalastofnun.is/um-okkur/thjonustuskrifstofur

- Sími : 5154800 / Kringlan 1, 103 Reykjavík
- Sími : 5154800 / Krossmói 4a - 2. hæð, 260 Reykjanesbær

## سەنتەرەکانی کار دۆزینەوە

لە بەڕێوەبەرایەتی دامەزراوەی کار Vinnumálastofnun تیمی تایبەت هەن بۆ هاوکاری پەنابەران .

لەپێگەی ئەلەکترۆنی دامەزراوەی کار، لیستی ئەو شوێنکارانەی هاوکارن لەگەڵ دەزگای کار ، کە هەلی کاریان لا دەستدەکەوێت: https://www.vinnumalastofnun.is/storf-i-bodi/adrar-vinnumidlanir

لیستی شوێنی ئیشی / لیستی هەلی کار لەم شوێنانەدا دەدۆزنەوە :

www.storf.is

www.alfred.is

www.job.visir.is

www.mbli.is/atvinna

www.reykjavik.is/laus-storf

Vísir — www.visir.is/atvinna

https://www.stjornarradid.is/efst-a-baugi/laus-storf-a-starfatorgi/

Hagvangur — www.hagvangur.is

HH Ráðgjöf — www.hhr.is

Ráðum — www.radum.is

Intellecta — www.intellecta.is

## هەڵسانگاندن و هاوتاکردنی خوێندن و بڕوانامەی پیشەیی دەرەوەی وڵات

- **ENIC/NARIC** دەزگای کۆکردنەوەی زانیاری لە ئایسلاند هەڵدەستێت بە لێکۆڵینەوە و هەڵسانگاندی خوێندن و بڕوانامەی ئەکادیمی دەرەوەی وڵات ، بەڵام دەسەڵاتی بەخشینی مۆڵەتی کارکردنی نیە http://www.enicnaric.is/

- **سەنتەری IÐAN fræðslusetur ئیذان بۆ پرسی فێربوون** لێپرسراوە لە هەڵسەنگاندنی خوێندنی پیشەیی ، بێجگە لە بواری پسپۆڕی کارەبا و ئەلەکترۆنیات: https://idan.is/
- **Rafmennt** رافمێنت گرنگی دەدات بە هەلسەنگاندنی شارەزایانی بواری کارەبا و ئەلەکترۆنیات : https://www.rafmennt.is/
- هەریەک لە **نوسینگەکانی بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستی ،بەڕێوەبەری پەروەردە و فێربوون ، وەزارەتی پیشەزازی و بەرهەم هێنان** بەخشینی مۆڵەتی کاریان لە ئەستۆیە بۆ کەسانی شارەزا لەو بوارانەدا.

ڕاوێژکاری بەڕێوەبەری سەنتەری کار Vinnumálastofnun لە جۆب سێنتەر، دەتوانێت ڕێنمایی بدات دەربارەی چۆنێتی هەلسەنگاندن و هاوتاکردنەوەی بڕوانامەی خوێندنی تیۆری و پیشەیی دەرەوەی وڵات .

## باج/تاکس

- بەردەوامیی سیستەمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانیی لە ئایسلاند لەسەر ئەو بناغەیە دارێژراوە کە تاکەکانی کۆمەڵ باج لە داهاتەکانیان دەدەن هەروەک باج لە موڵک و پسوڵەی ڕایی کردنی کار دەدەن . دەوڵەت داهاتی تاکسی گشتی بەکاردەهێنێت بۆ خزمەتگوزارییە گشتییەکان وەک ؛ پەروەردە و خوێندن، گەیاندن، ڕێگا وبان ، تەندروستی ، پۆلیس لەگەڵ زۆر لایەنی تری خزمەتی گشتیی.
- باج لە هەموو داهاتەکانی تاک، کۆمپانیا و مامەڵەکان بازرگانییەکان دەسەنرێت بە شێوەیەکی گشتیی. بەشێک لەو زەریبەیە دەچێتە خەزێنەی دەوڵەت ، ئەوەش بەناوی **útsvar** زەریبەیەکە دروات بۆ شارەوانیی.

## تاکس و داشکاندی کەسیی „persónuafsláttur“

- پێویستە تاکس لە هەموو داهاتەکان بدرێت ، لە موچە و هاوکاری دارایی .
- هەموو کەسێکی باجدەر داشکانێکی بۆ دەگەڕێتەوە بە ناوی "داشکاندنی کەسیی" یان „persónuafsláttur“ لە باجی داهات کە مانگانە بڕەکەی 56.447 کرۆنە بوو لە ساڵی 2020. بە واتای ئەوکەسەی باجی 100.000 کرۆنەی لەسەر بوو مانگانە تەنها 43.523 کرۆنەی داوە دووی داشکانی کەسیی. ژن و مێرد /هاوسەرەکان بۆیان هەیە کارتی داشکاندیان یەکبخەن ، پیکەوە بەکار بهێنن „persónuafsláttur“ .
- تۆ تاکە بەرپرسیاریت لە بەکارهێنانی کارتی تاکسیی تایبەت بە خۆت .
- ناکرێت، ڕێگە نەدراوە، داشکاندن لە تاکس لە نیوان ساڵەکاندا بگوێزیتەوە.
- داشکاندنی کەسیی کارایە لە بەرواری تۆماربوونی یاساییەوە لە ناو لیستی ئاماری نیشتیمانیی‌یەوە. ئەگەر مافی مانەوە و تۆماربوونت لە لیستی نیشتمانی لە مانگی ئازار/مارس وە بوو ، ئەوا دڵنیابە کە داشکاندنت بۆ ناکرێت بۆ دوومانگی پێشتر ( مانگی یەک و دوو) ، ئەگینا دەبێت بە قەرز لەسەرت. پێویستە ئاگایی تەواوت هەبێت لە دروست بەکارهێنانی کارتی تاکس ؛ بەتایبەت لەو کاتانەی زیاتر لە یەک کار دەکەیت یان کاتی موچەی مۆڵەتی منداڵ بوون یان وەرگرتنی یارمەتی دارایی شارەوانی و دەزگاکانی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان .
- هەرکاتێک "سکات کۆرت" بە ڕێژەی زیاد لە 100٪ بەکارهێنرا ، بۆ نمونە لە دوو شوێن کارکردن ، ئەوا دەبێتە هۆکاری کەڵەکە بوونی قەرز ، بۆیە وا پێویستە ئگاداری شوێنی ئیش و سەرچاوەی داهات بکرێت لە چۆنێتی بەکارهێنانی کارتی داشکانی کەسیی و بە چ ڕێژەیەک „persónuafsláttur“ .

## ڕاپۆرتی داهات و باج

- پڕکردنەوە و ناردنەوی ڕاپۆرتی باجی داهات بریتیە لە هەق و حساب بۆ تەواوی داهات ، موڵک و قەرز لە ماوەی یەک ساڵی زەریبیی ڕابوردوودا . پێویستە هەموو زانیارییەکان لەسەر داهات بە ڕاست و دروستی بدرێتە بەڕیوەبەرایەتی باج بۆ ئەوەی هەق و حساب بکرێت ، قەرزار دەبیت یان بۆت دەگەڕێتەوە.
- پێویستە ڕاپۆرتەکە ئەلەکترۆنی بکرێت لەسەر http://skattur.is ساڵانە لە سەرەتای مانگی مارس/ئاازار .
- تۆمار کردن بە بەکارهێنانی کلیلی تۆڕی RSK یان لەرێگای پێناسی ئەلەکترۆنییەوە RAFRÆN SKILRÍKI .
- بەڕێوەبەرایەتی باج پێشوەخت هەڵدەستێت بە دانانی ژمارەکان/داتاکان ، بەڵام لەسەر کەسەکانە چاوی پیا بخشیننەوە /بەسەریا برۆنەوە پێش ڕەزامەندیی و ناردنەوەی ڕاپۆرتەکە.
- تۆ دەتوانیت بچیتە نوسینگەکانی بەڕێوەبەرایەتی داهات لە ڕەیکیاڤیک و ئاکورەیری یان بە تەلەفۆنی ژمارە 4221000 بۆ هاوکاری لە پڕکردنەوەی ڕاپۆرتەکە .
- بەڕێوەبەرایەتی داهات و باج خزمەتگوزاریی وەرگێڕ پێشکەش ناکات.
- زانیاری لەسەر پڕکردنەوەی ڕاپۆرتی داهات و باج  بە زمانی ئینگلیزیی: https://www.rsk.is/media/baeklingar/rsk_0812_2020.en.pdf

## سەندیکاکانی کرێکاری و ڕیکخراوەکان

- ڕۆڵی سەرەکیی سەندیکا، پێش هەموو شتێک دان وستانە/ ڕێککەوتنە لەسەر کرێی کار/موچە . هەروەها باشکردنی هەل و مەرجی کار لەمیانەی گرێبەستی نێوان کارمەند و خاوەنکار لەگەڵ نوێنەرایەتی و داکۆکیی لە بەرژەوەندییەکانی موچەخۆر لە بازاڕی کار.
- هەرکەسێک ڕێژە پارەیەک/ئابونە دەدات بە سەندیکا ، سودمەند دەبێت لە ماف و تایبەتمەندیی ئەندامێتیی ئەندام بوون . کەسی بەشدار دەتوانێت دەستپێبکات بە چنینەوەی مافی ئەندامێتی هەرچەندە سەعاتی کاریشی کەم بێت .

## ئەو خزمەتانەی سەندیکاکان پێشکەشی :

- زانیاری لەسەر ئەرک و مافەکانی بازاڕی کار
- هاریکاری بۆ زانینی موچەی برراوە بە پێی یاسای کار
- هاریکاری لە ئەگەری/گومانی پێشکێلکردنی مافەکانی ئەندامی سەندیکا
- هاوکاریی داراِیی و خزمەتی هەمەلایەنە
- هاریکاری لە گەیشتنە شوێنی ڕاهێنانەوە لە دووای نەخۆشیی/ ڕودانی شکاوی و برینداریی
- هەندێک سەندیکا هاوکاری ماددی دەکەن بە ئەندامانیان بۆ مەسرەفی هاتوچۆ لە ناوخۆی وڵاتدا بەمەبەستی پشکنین و چارەی پزیشکیی یان نەشتەرگەریی لەسەر ڕاوێژی پزیشک ، لە دووای ئەوەی داوای یارمەتی لە لایەن Tryggingarstofnun  بێوەڵام بوو.

## ئەو هاوکارییانەی سەندیکاکان پێشکەشی دەکەن :

- هاوکاری خولی فێربوون و خوێندن لەگەڵ کاردا.
- هاوکاری چاودێری و باشکردنی تەندروستی، بۆ نمونە پشکنینی شێرپەنجە، چاویلکە و لێنس ، ئامێری بیستن ، شێلان ، چارەسەری سروشتیی،کارتی وەرزش ، چاوپێکەوتنی پسپۆڕی دەرونیی و کۆ مەڵایەتی و... هتد .
- مەسرەفی / پارەی ڕۆژانەی  نەخۆشیی .
- هاوکاریی کاتی نەخۆشیی منداڵ و هاوسەر.
- هاوکاری کاتی پشوی هاوینە بۆ بەکرێگرتنی فلات و خانوی هاوینە/زستانە.

## ئیشی ڕەش / کارکردن بە بێ مۆڵەت

ئەو کاتانەی کەسێک یان لایەنێک باج/زەریبە نادات لە داهات یان لە موچە ، ئەو پارەیەی بە کاش  وەریدەگرێت لە بەرامبەر کارێک یان هەر مامەڵەیەک بە بێ هەبوونی پسوڵەیەک یان نوسراوێک ، بەو کارە دەڵێن *کاری ڕەش*  کە ئەمەش جۆرێکە لە کاری نایاسایی و ڕێگەی پێنەدراوە. کار و مامەڵەی ئاشکرا نەکراو، نایاساییں و زیانی گەورە بە کۆی سیستەمی ئابوری دەگەیەنێت کە بڕبڕەی پشتی سیستەمی چاودێری تەندروستی ، فێربوون ، ڕێگاو بان و ئاسایشی وڵاتە ئەوانەی کاری بێ مۆڵەت دەکەن سودمەند نابن لە مافەگشتییەکان وەک فەرمانبەر ان و کارمەندانی تر :

- موچە وەرناگرێت لە پشووی هاویندا
- موچە وەرناگرێت لە ڕۆژانی نەخۆشی و کاتی ڕوادانی شکان و برینداری
- بیمە و تەئمینی نابێت لە حاڵەتی کەوتن ، برینداربوون یان هەر ڕوداوێکی سەر ئیش
- مافی موچەی بێکاریی نابێت ، مۆڵەتی دایکایەتی/ باوکایەتی بە موچەی نابێت.

## ڕاکردن لە زەریبە / باج نەدان

- خۆ دزینەوە/فێڵ کردن لە تاکس یان نەدانی زەریبە سزای هەیە بەلای کەمەوە دوو ئەوندەی بڕە پارە شارراوەکە/ فێڵەکە یە ، لە هەندێک حاڵەتدا بۆی هەیە بگاتە دە ئەوەندەی بڕی لێڕاکردوو.
- فێڵکردن لە زەریبە بۆی هەیە ببێتە هۆی زیندانی کردن تا ماوەی شەش ساڵ.